## گەڵاڵەی پێشنیارێک[1] بۆ پـێـڕەوی ناوخۆی ی.ن.ک.

**ئامادەکردنی: هیوا کاردۆیی**

### بەندی یەکەم

### § 1 پێناسە و ئامانج:

1- یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرجەم مەڵبەندەکان و رێکخستنەکانی تری پێکدێ و شوێنی سەرەکی چالاکییەکانی *–مەبەست لە و جێگایانەیە کە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی لێیە-* لەناو جەماوەری کوردستان و باقی جێگاکانی تری عێراقە کە ڕێخستنی یەکێتی لێبێ. یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕیکخراویکی سیاسی ئایدۆلۆجی سۆشیالیستی و دیموکراتییە و خەبات بۆ چاککردنی ژیانی چینی کەمدەرامەت و بەشخوراوانی کۆمەڵگا دەکا. لە هەمان کاتدا یەکێتی کاردەکا بۆ نوێنەرایەتی کردنی خەڵکی کوردستان لە پێناوی بەدستهێنانی گشت مافە نەتەوەییەکان و مافی چارەنووسی گەلی کوردستان....

2- یەکێتی کورتکراوەکەی بە ی ن ک و PUK ناو دەبرێت

3- دروشم و بەهاکانی: ئاشتی، یەکسانی، ئازادی، هاوتایی، هاوکاری/سۆلیداریتی، دیموکراسی، مافی چارەنووس، خۆشگوزەرانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سەروەری کەسی ...

4- ئارم : دەستێک کە گوڵاڵەسورە و چڵە زەیتون و گوڵەگەنمێکی بەرزکردۆتەوە ...

5- سرود: ....؟؟

### بەندی دووەم

### § 1 ئەرکی یەکێتی

یەکێتی لەسەرەتاوە وەک بەرەیەکی سیاسی و بزوتنەوەیەکی چەکداری شۆرشگێری خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان دروست بوە. ئێستا لەم قۆناغەدا یەکێتی بۆتە حیزبێکی سۆشیالدیموکراتی و بڕوای بە بیر و ئایدۆلۆجی سۆشیالیزمێکی دیموکراتی و سیستیمی فرەحیزبی هەیە و هەوڵدەدا بەڕیگای ئاشتی و دیموکراتی و پەرلەمانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەر لە کوردستان و عێراقدا دابمەزرێنێ. کۆمەڵگایەک کە هەموو مرۆڤەکان تێیدا بەهایان یەکسان بێ و بە ئازادی و دیموکراتی، بێ چەوساندنەوە و خوێنمژین، خۆشگوزەران بژین و هەل بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ پرەخسێنێ بۆ ئەوەی بتوانن خەون و ئاواتەکانی خۆیان بهێننە دی....

---

[1] **بۆچی ئەم پێشنیارە:** ئاشکرایە کە کەموکوڕی زۆر لە پێرەوی ناوخۆی یەکێتیدا هەیە و پێویستی بە چاکردن و نوێکردنەوە هەیە. لە لێکۆڵینەوەیەکمدا بەناوی "**ی.ن.ک لە سەدەی 21**" دا لە ساڵی 2006 دا کە ئاراستەی م س کردبوو ئاماژەم بە هەندێک لەو کەموکوڕیانە و ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی دابوو. *(ئێستا بۆ یەکەم جار بۆ هەموو لایەکی بڵاودەکەمەوە).*
دوواتر پاش وتوێژ لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵانی سەرکردایەتی ویستم کۆمەڵێک وتار بنوسم لەسەر پێڕەو بە بەراوردی لەگەڵ حیزبە چەپەکانی سکەندیناڤی، بە تایبەتی سۆشیالدیموکراتەکانی سوید کە ببێتە هەلێک بۆ گەرمکردنی موناقەشە و گفتوگۆ لەسەر نوێکاری و داڕشتنەوەی پێرەوێکی مۆدیرنی سۆشیالدیموکراتی، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی و هۆی ترەوە تەنها فریای بڵاوکردنەوەی **یەک وتاریان لە کوردستانی نویدا لە 2006/9/17 دا** کەوتم.
ئێستا بەهۆی نزیک بوونەوەی کۆنگرەوە **پێشنارێکی پێرەوێک ئامادەکراوە** بۆ کۆنگرە. بەداخەوە ئەو پێشنیارە وەک **چێشتی مجەور** هەمووی تێکەڵ و پێکەڵکراوە. دووای خوێندنەوە و، گفتوگۆم لەگەڵ هاورێی بەرێزم کاک مەلا بەختیار ، بە گوناحم زانی ئەو یەکێتییە گەورەیە نەتوانی پێرەوێکی دیموکراتی و سەردەمی دابنێ بۆیە بەڵێنمدا، و دووبارە تێبینیەکانم دارشتەوە و گەڵاڵەی پێرەوێکم وەک پێشنیاریکی تر بۆ موناقەشە بۆ کۆنگرە ئامادەکردەوە، کە هیوادارم بەسود بێ بۆ یەکێتی و دیموکراتی لە کوردستاندا.
بێگومان ئەم گەڵالەیە، **ڕەشنوسی یەکەمە** و کەموکوڕی تێدایە، پێرەوێکی گشتییە -واتە وردەکاری پێرەوی پۆل و کەرت و کۆمیتە و مەڵبەندی تێدانیە کە سەرکردایەتی دەبێ دوواتر دایبرێژێ-، لە راستیدا ئەمە ئیشی هەموو ئەندامانە و لەپاشاندا کۆنگرە، کە لەوانەشە بەدوو کۆنگرە پێرەوی هەموو ئاستەکان تەواو ببێ، بەڵام بەهەرحاڵ ئێستا من لێرەدا بەم شێوەیە هەوڵی بەشداری لە داڕشتنی پێرەوێکی نوێدا دەدەم. لەهەمان کاتدا لەبەر گرنگی باسەکە، ئەم بابەتانە بۆ زانیاری گشتی لە سایتەکەمدا بڵاوی دەکەمەوە. ئەگەر هەر کەسێک تێبینی و پێشنیاری لەسەر هەبوو گۆرانکاری تێدادەکەم وناتەواویەکانی بەردەوام لەسەر پێشنیارەکانی خوێنەران راستدەکەمەوە بەڵکو لە کۆتایدا تا کۆنگرە گەڵالەیەکی باشتری لێ دەربچی.
ئەم پێشنیاری پێرەوە سەرئەنجامی ئەزموونێکی زۆر لە کاری رێکخراوەی و لێکۆڵینەوە لە تیۆرییەکانی رێکخراو و ئیداریدا گەڵاڵە بووە وە بە تایبەتیش بە سود وەرگرتن لە ئەزموونی حیزبەکانی ئیسکەندیناڤیا و بەتایبەتی پارتی کرێکارانی سۆشیالدیموکراتی سویدی کە نزیکی 20 ساڵە کاری تێدادەکەم.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەرکی یەکێتی ئەوەیە بیروباوەرەکانی ئاشی و ئازادی و دیموکراتی و یەکسان ..هتد لە کۆمەڵگادا بڵاوبکاتەوە و هەوڵبدا لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین متمانەی دەنگدەران بەدەستبهێنێ بۆ نوێنەرایەتی کردنیان و بۆ هێنانەدی بەڵێنەکان و ئامانجە نیشتمانییەکان و نیونەتەوەییەکانی یەکێتی خۆی...

**بەندی سێهەم**

**§ 1 ئــەنـدامێتـی**

1- هەر کەسێک[2] تەمەنی 18 ساڵ بێ و پێرەو پرۆگرامی یەکێتی پەسەند بی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی. [3]
2- هەموو ئەندامێک دەتوانێ لە یەک تا سێ پۆلی ڕێخستنی **بنەڕەتی** یەکێتی دا ئەندام بێ (وەک پۆلی گەرەک، پیشەیی و ژنان ...هتد)
3- هەموو کەسێک دەتوانێ بە دەمی یا نوسراو، بەتەلەفون یا بە ئیمەل یا بە هەچ شێوەکی تر کە سەرکردایەتی بریای لەسەر دابوو، داوای ئەندامێتی بکا، داواکار پێویستە ناو و تەمەن و عینوانی خۆی بدات بۆ ناونوسکردن لە تۆماری گشتی ئەنداماں.
4- وەرگرتنی ئەندامی نوێ هیچ بریارێکی ناوێ، تەنها ناویان تۆماردەکرێ. بەڵام رەفزکردنی داخوازی ئەندامێتی دەبێ بەپریاری سەرکردایەتی لەبەر رۆشنایی خاڵی 6 ئەم پەرەگرافە بێ.
5- ئەو کەسانەی، کە لە جێگایەکن لە دەرەوەی کوردستان کە هیچ ریخستنێکی یەکێتی لێ نییە، وە دەیانەوێت ببن بە ئەندام لە یەکێتیدا، دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەن بە مەکتەبی رێخستنەوە. ئەو کەسانە لە تۆماری ئەندامانی یەکێتیدا لە مەکتەبی رێخستن، ناونووسدەکرێن و برێ ئابوونەی کەمتر دەدەن چونکە بەشی پۆل و مەڵبەندی لێدەردەکرێ. ئەو ئەندامانە مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنیان نابێ لە مەڵبەند و ئۆرگانەکانی خوار مەڵبەندەوە. بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لە کاتی پێویستدا، دەتوانێ سود لە توانایان وەرگرێ و لەو ئەندامانە هەڵبژێرێ بۆ پۆستێک یان کاندید بکا لە هەڵبژاردنێکدا.
6- هەر ئەندامێک ئەگەر دژی پێرەوپرۆگرام و ئامانجەکانی یەکێتی کار بکا دەتوانرێ بە بریاری 3/4 دەنگەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەربکرێ. پێشنیاری دەرکردن هاوپێچ لەگەڵ هۆکانی لە مەڵبەندەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی. ئەندامی دەرکراو مافی نارەزایی دەرپرینی لەو بریارە هەیە بۆ کۆنگرەی یەکێتی.

**§ 2 ئابوونە و تۆماری ئەندامان**

1- ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەموو ساڵێک بەپێی هەلومەرجی دارایی یەکێتی بریار لەسەر پری(ئەندازەی) ئابوونەی ئەندامان دەدات.[4]
2- پری ئابوونەی هەموو ئەندامێک بریتییە لە کۆی بەشی مەکتەبی ڕیخستن و بەشی مەڵبەند و ئەو پۆل یا پۆلانەی کە ئەو کەسە ئەندامە تێیدا.[5]،

---

[2] ئەگەر ئەو دانیشتوی عێراق -کورد، عەرەب، تورکمان، سریانی...هتد- بێ یا لە هەر جێگایەکی تر بێ کە ڕێکخستنی یەکێتی لێبێ دەتوانێ داوای ئەندامێتی بکا. تەمەن 18 ساڵ بێ چونکە بەپێی یاسا کەسێکی عازەبە دەتوانێ لە دەنگدانی گشتیدا بەشداربێ و دەتوانرێ کاندید بکرێ بۆ ئەرکی سیاسی شارەوانی و پارێزگا و پەرلەمان، کەسی تەمەن خوار 18 ساڵ دەتوانی ببێتە ئەندام لە رێکخراوی لاوانی و مێرمنداڵان یان پێشڕەوانی یەکیتی –ئەگەر هەبن- .

[3] لە پێرەوی ناوخۆی یەکێتی و پێرەوی پێشنیارکراودا دەیان خالی ئاڵۆز و زیادە نوسراوە دەربارەی مەرجەکانی ئەندامبوون و سزادان و دەرکردن...هتد. بەداخەوە ئەو مەرجانە ئەوە دەردەخەن کە تا ئێستا بە عەقڵییەتی رێخستنی خەباتی نهێنی بیر دەکەینەوە و لە بەهای ئەندام تینەگەیشتوین. ئێمە لە سەردەمی دەنگدانی گشتی و دیموکراتیدا دەژین چەند یەکێتی ئەندامی زۆر بێ دەئەوەندە باشە بۆ دەنگ بەدەسهێنان. ئەندامان بربرەی پشت و قەدی هەموو رێکخراوێکن و دەبێ ئاسانکاری بکرێ بۆ وەرگرتنی زۆرترین ئەندام. یەک لە فاکتەری گەشەکردنی یەکێتی بریتییە لە زیادکردنی ئەندام. لەبەر ئەوە هەرکەسێک، هەچ کەموکورییەکیشی هەبێ، ئەگەر پێرەو و پرۆگرامی یەکێتی پەسەند بێ و دژی کار نەکا و ئابوونە بدا ئەوا دەتوانێ ببێتە ئەندام. ئەندام ئاسایی کە هیچ پۆستێکی نەبی ناتوانی هیچ خەتەرێک لەسەر یەکێتی دروست بکا. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی مەترسی بێ سەرۆک و سەرکردایەتی نادیموکراتە کە دەتوانن خەتەر لەسەر گیانی ئەندامان و دیموکراتی و کۆمەڵگا دروست بکەن. مێژوو شاهیدی خەتەری زۆر سەرکردەی وەک ستالین و هێتلەر و پۆلپۆت و سەدام و زۆری ترن کە تەنانەت دەستیان لە سەرکردایەتیش نەپاراستووە وەک ستالین کە هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی لینینی لە ناوبرد. دڵنیام لەلای خۆشمان هێشتا کۆلکە دیکتاتۆر هەیە ئەگەر بواری بۆ برەخسێ زمانی رەخنەگران دەپری، لەبەر ئەوە پێویستە دیموکراتی ناوخۆی حیزبەکان ئەوەندە بە هێز بکرێت رێگربی لە پەیدا بوونی دیکتاتۆری دڕندە.

[4] بە بروای من پێویستە پری ئابوونەی ساڵانە لە 100 دۆلار تێنەپەڕی بۆ ئەوەی نەبێتە رێگر لە هاتنی ئەندامی تازە. بەلام ئەو ئەندامانەی کە پۆستی حیزبی یا لە ئەنجومەنەکانی پارێزگا و کوردستان و عێراقن پێویستە رێژەیکی داریکراو لە موچەکانیان بدەن بە یەکێتی بۆ راپەراندنی کارەکانی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3- پری ئابوونەی ئەندامانی دەرەوەی مەڵبەندەکان کە لە خالی 3 ی پەرەگرافی 4 دا هاتووە بریتیە تەنها لە بەشی مەکتەبی ڕێخستن.
4- پری ئابوونە ساڵانەیە و دەتوانرێ بە یەک جار یان بە چەند جارێ لە ماوەی ئەو ساڵەدا بدرێت.
5- هەموو ئەندامێک دەبێ ئابوونەی ئەندامیتی بدات.
6- ئەو ئەندامەی ئابوونەی نەدابێ مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردنی نابێ تا قەرزەکانی نەداتەوە.
7- ئابوونەی هەموو ئەندامێک دەچێت بۆ مەکتەبی ڕێخستن، ئەویش، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕێکی دیاریکراو کە بەشی پۆل و مەڵبەندە دەگەڕێنێتەوە بۆیان.
8- مەکتەبی ڕێخستن تۆماری هەموو ئەندامانی یەکێتی ڕێکدەخات.
9- لەکاتی دیاریکردنی ژمارەی نوێنەرانی مەڵبەندەکان بۆ کۆنگرە، تۆمارنامەی ئەندامان تا کۆتایی ساڵی پێش کۆنگرە، واتە هەموو ئەو ئەندامانەی ئابوونەیان داوە، دەبێتە بنچینە بۆ دیاریکردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە.
10-

## بەندی چوارەم: پەیکەری ڕێکخراوەیی یەکێتی[6]

پەیکەری ریکخراوەیی یەکێتی لەم ڕێخستن و ئۆرگانانە خوارەوە پێکدێت.

### § 1 پـۆل؛

1- بریتیەی لە یەکەم ئۆرگان و ڕێخستنی بنەڕەتی یەکێتی بۆ تەنزیمکردنی ئەندامەکانی. پۆل لە کۆمەڵێک ئەندام (لایەنی کەمی 20 کەس) پێکدێت کە هۆیەک یان زیاتر کۆیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کار بۆ ئامانجەکانی یەکێتی بکەن. پۆل دەتوانرێ لە گەرەکێک یان فەرمانگەیەک یان لە بواری پیشەیەک، وەرزشێک، رەگەزێک یان فکرێک...هتد دابمەزرێ. [7]
2- هەموو ئەندامێکی یەکێتی دەبێ لایەنی کەمی لەیەک پۆلدا ئەندام بێ.[8]
3- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێرەوێکی گشتی بۆ ڕێخستن و ئەرک و چالاکی پۆل دادەنێ.
4- پۆل لیژنەیەکی ڕابەر/سەرپەرشتی هەڵبژێردراوی دەبێ بۆ ڕابەرایەتی و ڕاپەراندنی چالاکییەکانی.
5- دامەزراندنی پۆلی تازە بە ڕاوێژ و بڕیاری ئەنجومەنی ئەو مەڵبەندە دەبێ کە ئەو پۆلە چالاکی تێدا دەنوێنی.
6-

### § 2 کـەرت

1- کەرت بریتیە لە ئۆرگانێکی سەرپەرشت بۆ هەمئاهەنگی وەک تۆڕێک لە نێوان چەند پۆلێک لە بازنەیەکی جوگرافی دیاریکراودا.
2- کەرت ئەنجومەنێکی سەرپەرشتی دەبی کە لە کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی کەرتدا، کە هەموو ئەندامانی پۆلەکانی سنوری خۆی تێدا بەشدار دەبن، هەڵدەبژێردرین.
3- کەرت کاری ڕێخستنی ئەندام ناکات، بەڵکو ڕابەرایەتی و کارە هاوبەشییەکانی نێوان پۆلەکانی سنوری خۆی دەکا.
4- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێرەو بۆ ڕێخستن و ئەرک و چالاکی کەرت دادەنێ

---

[5] ئەندامێکی کچەلاو دەتوانێ بۆ نمونە لە پۆلی لاوان، خوێندکاران یان ژنان و گەرەکەکەی خۆی ئەندام بێ...
[6] دابەشکردنی ڕێکخراوەیی دەبێ بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ دابەشکردنی ئیداری کوردستاندا بگونجێت چونکو دانیشتوانی ناوچەکان لەهەڵبژاردنەکاندا نوێنەرانی ئەنجومەنی شارەوانی و پارێزگا و کوردستان و عیراق هەڵدەبژێررن..

[7] لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا بەردەوام لە گۆڕاندایە ئاسایی زۆر فکر و پیشەی کۆن باویان نامێنی و هی تازە دێنە پێشەوە بۆیە پێویستە چاوەڕێی ئەوە بکرێ کە هەندێک جۆر پۆل ئەندامیان کەمدەبێتەوە و نامێنن و کە بێگومان پۆلی تازە جێگایان دەگرێتەوە.
[8] تەنها لە پۆلەکانەوە ئەندام وەردەگیرێت و تەنزیم دەکرێن، بێجگەلە وەی لە خالی 3ی پەرەگرافی 1 ی بەندی سێهەمدا هاتووە، هەموو ئەندامیکی یەکێتی بە سەرۆک و سکرتێر و سەرکردایەتییەوە یان هەر لێپرسراوێتێکی تری هەبوو یان لە فراکسیۆنی یەکێتی بوو لە ئەنجومەنێکدا دەبێ لە پۆلێکدا ناوی تۆمارکرابێ و ئابوونەی دابێ، هەر لەوێشەوە دەتوانێ بپالێورێت بۆ نوێنەر لە کۆنگرە بەرێگای مەڵبەندەکەیەوە. هەموو سەرکردەیەک یان لێپرسراوێکی یەکێتی موعەرەزە بوئەوەی لە پۆستەکەی لابرێ یان خۆی وازبهێنی، تەنها لە ئەندامێتییە ناتوانرێ لابرێی –مەگەر دژی یەکێتی کاربکا – ئەگینا هەر ئەندامێک لە هەچ پۆستێکی حیزبیدا بوو، بە سەرۆکییشەوە، دەتوانرێ چۆن هەڵبژێردراوە ئاواش لابرێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

§ 3 **کـۆمـیـتـە** (دەڤەر، ناوچە، کۆمۆن، پەل، بازنە)؛
1- کۆمیتە بریتیە لە ئۆرگانێکی سەرپەرشت بۆ یەکخستن و رابەرایەتی و هەمئاهەنگی سەرجەم پۆل و کەرتەکانی سنوری شارۆچکەیەک -وەک ناحییە و قەزا- یان کەرتەشارێک –وەک بەشی خوارو، سەرو، ناوەراست، رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەو شارە- ....
2- کۆمیتە ئەنجومەنێکی سەرپەرشتی دەبی کە لە کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی کۆمیتەدا، کە هەموو ئەندامانی پۆلەکانی سنوری کەرتەکانی خۆی تێدا بەشدار دەبن، هەڵدەبژێردرین.
3- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێرەو بۆ رێخستن و ئەرک و چالاکی کۆمیتە دادەنێ
4-

## § 4 مـەڵـبـەنـد؛
1- یەکێتی لە 00؟ مەڵبەند پێکهاتووە و مەڵبەند بریتییە لە رێخستنی سەرەکی یەکێتی لە شارێکدا یان لە ناوچەکانی دەرەوەی شارێک. هەر مەڵبەندێ پێکدێت لە سەرجەم پۆل و کەرت و کۆمیتەکانی.
2- مەڵبەند بریتیە لە ئۆرگانێکی سەرپەرشت بۆ یەکخستن و رابەرایەتی و هەمئاهەنگی سەرجەم کۆمیتە و کەرت و پۆلەکانی سنوری خۆی ...
3- مەڵبەند ئەنجومەنێکی ڕابەرایەتی دەبی کە لە کۆنگرەی ساڵانەی مەڵبەندا هەڵدەبژێردرێن، کە نوێنەری هەموو پۆلەکانی سنوری مەڵبەندی تێدا بەشداردەبن.
4- مەڵبەند نوێنەرایەتی یەکێتی و ڕیکخەر چالاکی و هەڵبژاردنەکانی دەکا لە ناوچەی خۆیدا....
5- یەکێتی لە سەرجەم مەڵبەندەکانی پێکدێ لەبەر ئەوە تەنها مەڵبەندەکان دەتوانن نوێنەر بۆ کۆنگرە بنێرن.
6- ئەنجومەنی مەڵبەند بەردەوام هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ سەندیکای کریکاران و سەندیکا هاوبیرەکانی تر دەکات
7- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێرەو بۆ رێخستن و ئەرک و چالاکی مەڵبەندەکان دادەرێژێ.

## § 5 مەکتەبی رێـخستن [9]
1- مەکتەبی رێخستن بریتییە لە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان مەڵبەندەکان و سەرکرادیەتی یەکێتی
2- مەکتەبی ڕێخستن هاوکاری و رێنومایی مەڵبەندەکان دەکا بۆ گەشەپێدان و چارەسەری کێشەکانیان.
3- مەکتەبی رێخستن هەمئاهەنگی لەسەر پرسە هاوبەشییەکانی نێوان مەڵبەندەکان دروست دەکا.
4- مەکتەبی رێخستن تۆماری هەموو ئەندامانی یەکێتی رێکدەخات و ئابوونەی هەموو ئەندامان کۆ دەکاتەوە.
5- مەکتەبی رێخستن ناونوسی ئەندامی تازەی دەرەوەی مەڵبەندەکان دەکا وەک ئەوەی کە لە خالی 4ی پەرگرافی 1 ی بەندی سێهەم دا هاتووە.
6- سکرتێری یەکێتی لێپرسراوی/سەرۆکی مەکتەبی ریخستن دەبێ.

## § 6 کۆنگرەی ئاسایی
1- کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی بریاردەر لە یەکێتیدا، واتە کە کۆنگرە کۆبۆوە هەچ پێشنیارێک هاتە کۆنگرەوە تەنها کۆنگرە دەتوانێ بریاری لە سەر بدا..
2- کۆنگرە لە ؟*400 یا 600؟* نوێنەری مەڵبەندەکان پێکدێت.
3- کۆنگرەی ئاسایی دەبێ ساڵی پێش ساڵی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان/عیراق ببەستری.[10].

[9] بە شێوەیەکی گشتی یەکێتی کۆمەڵێک مەکتەبی - وەک مەکتەبی ڕاگەیاندن، ڕیکخراوە دیموکراتییەکان، عەلاقات و بیروهۆشیاری...هتد- دامەزراندووە بۆ سەرخستنی کارەکانی یەکێتی. بێگومان ئەو مەکتەبانە زۆر کاری گرنگ دەکەن و لە زۆر هەلومەرجدا پێویستن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو مەکتەبانە وەک دەزگا رێکخراون و کار دەکەن نەک وەک ئۆرگانی پەیکەری رێخستنی حیزبی چونکە نە ئەندامانی یەکێتی و نە نوێنەرانی کۆنگرە ناتوانن هیچ کاریگەریان لەسەری هەبی. لەوانەشە زۆر لەو کەسانەی لەو دەزگایانە کاردەکەن کەسانی نایەکێتی بن و بەهۆی شارەزای و پسپۆریانەوە لەوێ دامەزرابن. بەڵام بە پێچەوانەوە لە ناو ئۆرگانەکاندا تەنها ئەندام هەن. بێجگە لە مەکتەبەکان یەکێتی پەیمانگای کادیران و دەزگای زانیاری و پێشمەرگە و هەڵبژاردن و ئیدارەی گشتی کۆمەڵێکی تر هەیە. ئەمانە هەموو پێویستن بەڵام ناتوانرێ بخرینە ناو پێرەوی ناوخۆوە. تەنها مەکتەبێک کە بتوانرێ بخرێتە ناو پێرەو، مەکتەبی رێخستنە، چونکە بەشێکی گرنگە بۆ گەشەپیدانی مەڵبەند و ریخستنەکانی یەکێتی. باشترە ئەو مەکتەب و دەزگایانە بەشێک بێ لە چالاکییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی یەکیتی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

4- بانگەواز بۆ کۆنگرە دەبێ لایەنی کەمی شەش مانگ پێش وەخت لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە بکرێت وە کات/ماوە و شوێنی بەستنی دیاری بکرێت...
5- سەرجەمی ژمارەی ئەندامانی یەکێتی(ئەوانەی ساڵی پێش کۆنگرە ئابوونەیان داوە) دابەشدەکرێن بەسەر ژمارەی نوێنەر بۆ کۆنگرە، ئەو ژمارەیەی کە دەردەچێت دەبێتە ڕێژەیی لە پاشان ژمارەی ئەندامانی هەر مەڵبەندێک دابەشدەکرێ بەسەر ئەو ڕێژەیەدا سەرئەنجام ژمارەی نوێنەرانی هەر مەڵبەندێک بۆ کۆنگرە دەردەچێت.
6- ئەنجومەنی سەرکردایەتی، شەش مانگ پێش کۆنگرە، ئاگاداری هەر یەک لە مەڵبەندەکان دەکاتەوە کە هەر مەڵبەندە مافی چەند نوێنەری هەیە کە هەڵیبژێرن بۆ کۆنگرە.
7- هەر مەڵبەندێک دووای هەڵبژاردنی نوێنەرانی بۆ کۆنگرە، لیستی تەسدیقکراوی ناوی نوێنەران و جێگران دەنێرێت بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
8- ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێ پێشنیاری ئەجندە و کارنامە و ڕێسای کۆنگرە ئامادەبکا.
9- لە کۆنگرەدا ئەم هەڵبژاردنانە دەکرێن بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی، دەستەی ڕاپەراندن، لیژنەی چاودێری دارایی و کۆمیسیۆنی پێرەوپرۆگرام .....
10-ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی مافی پێشنیار و بیرورا دەرپڕینیان لە کۆنگرەدا هەیە.
11-ئەندامانی لیژنەی چاودێر و کۆمیسیۆنی پێرەوپرۆگرام و لێپرسراوانی مەڵبەندەکان مافیان هەیە لە کۆنگرەدا بەشداربن. هەروەها مافی پێشنیار و بیرورا دەرپڕینیان لە کۆنگرەدا هەیە.
12-ئەندامانی لیستی/فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیدا بەپێی ڕێژەیەک (بۆ نمونە یەک نوماینده بۆ 6 پەرلەمانتار) بۆیان هەیە **نومایندەیان** لە کۆنگرەدا بەشداری بکەن. ئەو نوماینداندە دەبێ لە کۆنگرەدا بەشداربن و مافی پێشنیار و بیرورا دەربرینیان هەیە.
13-هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک(وەک پۆل، کەرت)ی یەکێتی بۆ یان هەیە لە کاتی دیاریکراو دا، کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دایناوە، پێشنیارنامە[11] بەڕێگای ڕێخستنی خۆیان بۆ کۆنگرە بەرزبکەنەوە. ئەو پێشنیارنامانەی لە کۆمیتە و مەڵبەندەوە هەڵدەسەنگێنرێ و بیروڕای لەسەردەدەن و لەپاشان لەڕێگای ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە ڕەوانەی کۆنگرە دەکرێن.
14- ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و کۆمیسیۆنی پێرەوپرۆگرام بۆیان هەیە پێشنیارنامە بنوسن بۆ کۆنگرە.
15- ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێ بەنوسراو بیروڕای خۆی لەسەر پێشنیارنامەکان بۆ کۆنگرە ئامادەکردبێت....
16-ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبی ڕاپۆرتی چالاکی و دارایی قۆناغی دووای کۆنگرەی ڕابوردو بۆ کۆنگرە ئامادە بکا.
17- لیژنەی چاودێری لە پاش هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکان ڕاپۆرتی خۆی لەسەر دارایی دەدا و پێشنیاری ئەستۆپاکی/ڕووسپیکردنی[12] ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەدا.
18-ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەرپرسە لە بەڕێوەچوونی کۆنگرە و بانگهێشکردنی میوان.
19-کۆنگرە دەتوانێ چەند دەستە و لیژنەیەک بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی کۆنگرە دابمەزرێنێ و شیوازی کارکردنیان دیاری بکا. (وەک لیژنەی بەیاننامەی کۆتای، دەنگژمێر، لیژنەی پرسی گەنجان.....)
20-لە کۆنگرەدا تەنها نوێنەر مافی دەنگدانی هەیە و هەموو نوینەرێک یەک دەنگی هەیە و ناتوانێ مافی دەنگدانی خۆی بە وەکالەت بە کەسێکی تر بدات.
21-لە ماوەی سێ مانگدا دەبێ پرۆتۆکۆلی کۆنگرە بۆ مەڵبەندەکان و نوێنەرانی کۆنگرە بنێردرێن.
22-کۆنگرە دەتوانێ گۆرانکاری لە پێرەو و پرۆگرامدا بکات...
23- بڕیار دەدا کە یەکێتی داوای ئەندام بوون لە ڕێکخراوی نێونەتەوەییدا بکا.

---

[10] لە پێرەودا نوسراوە کە کۆنگرە **"لەباری ئاساییدا هەر دوو ساڵ جارێک دەبەسترێت"** . باشترە وشەی **لەباری ئاساییدا** لاببرێت چونکە ئەم پێرەوە بۆ سەردەمی ئاسایی و دیموکراتی دەنوسرێت، ئەگەر گۆرانکار بەپیچەوانەوە روویدا ئەوا یەکێتی پێویستیتی بە پێرەوێکی تر بۆ نمونە بۆ خەباتی ژێرزەمینی و شاخ دەبێ..هەروەها دوو ساڵ تارادەیەک ماوەیەکی کەمە 3 تا 4 ساڵ دابنرێ باشترە. هەروەها باشترە کۆنگرە لایەنی کەمی 6تا9 مانگ پێش هەڵبژاردنە گشتییەکان ببەسترێت، بۆ ئەوەی کۆنگرە موناقەشە و تاوتووی هەموو کێشە و باسەکانی کردبێ و بەیەک دەنگی و بە بەرنامەیکی باش و گورێکی بەهیزوە یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی گشتی بچێت.

[11] **پێشنیارنامە** واتە پێشنیارێك دەربارەی پرسێک/کێشەیەک، کە بۆ لێکۆڵینەوە و بریار لەسەردانی ئاراستەی کۆنگرە دەکرێ، ئەوە شێوازیکە بۆ دەوڵەمەندکردنی هەر حیزبێک بە بیروڕای ئەندامانی. بەرزکردنەوەی پرسێکی گرنگ لە ئۆرگانەکانی خوارەوە مەسەلەیەکی دیموکراتیە کە هەل دەدا بە ئەندام کە کاریگەری هەبێ لەسەر سیاسەتی حیزبەکەی.

[12] پەسەندی ئەستۆپاکی یا ڕووسپیکردن بریتییە لەو بریارەی کە کۆنگرە دەیدات بۆ پەسەندکردنی یان نەکردنی کار و دارایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە قۆناغی نێوان دوو کۆنگرەدا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## § 7 کۆنگرەی تایبەتی[13]

1- کۆنگرەی تایبەتی بە بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبەسترێ.
2- دەبێ کۆنگرەی تایبەتی ببەسترێ ئەگەر لە سەدا دە(10%)ی ئەندامان داوای بەستنی کۆنگرەی تایبەتی لە سەرکردایەتی بکەن.
3- کۆنگرەی تایبەتی تەنها بریار لەسەر ئەو مەسەلانە دەدات کە کۆنگرەکەی بۆ گیراوە و لە بانگەوازنامەکەدا ئاماژەی پێکراوە.
4- ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێ پێشنیاری ئەجندە و کارنامە و ڕێسای کۆنگرە ئامادەبکا.
5- دەبێ لایەنی کەمی یەک مانگ پێشوەخت بانگەوازنامە بنێردرێت بۆ مەڵبەندەکان و ئەندامان.
6- هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی تایبەتی بەهەمان شێوەی کۆنگرەی ئاسایی دەبی.

## § 8 هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە

1- هەموو مەڵبەندێک بەپێی ژمارەی ئەندامانیان ژمارەی نوێنەری بۆ دیاری دەکرێت و تەنها مەڵبەند دەتوانێ نوێنەر هەڵبژێرێ بۆ کۆنگرە....
2- پاڵێوراوان بۆ نوێنەر بۆ کۆنگرە لە ڕێخستنەکانی خوارەوە بە پێشنیار دەنێردرێن بۆ مەڵبەندەکان.[14]
3- هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە دەبێ بە نهێنی بەڕێوە بچێت و لایەنی کەمی دوو رۆژ ماوەی هەڵبژاردن درێژ بێت.
4- هەڵبژاردنی نوێنەران دەبێ 2 مانگ پێش کاتی دەسپێکردنی کۆنگرە تەواو بووبێت.
5- هەموو ئەندامێک کە ئابوونەی دابێت مافی دەنگدانی هەیە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەدا لەو مەڵبەندەی کە ئەندامە لێی .
6- نوێنەری هەڵبژێردراو ئەو کەسە یا کەسانەیە کە زۆرترین دەنگییان بەدەسهێناوە، جێگران ئەو کەسانەن کە دەنگەکانیان نزیکترینن لە ژمارەی دەنگی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانەوە. ئەگەر نوێنەرێک بەشداری کۆنگرە نەکا جێگرێک شوێنی دەگرێتەوە.
7- ئەگەر بەپێی بۆچوونی ئەندامێک هەڵبژاردنەکە دژی پێرەوی ناوخۆ بەڕیوەچوو بوو، ئەوا دەتوانێ لەماوەی دیاریکراودا ناڕەزایی بەرزبکاتەوە بۆ ئەنجومەنی مەڵبەند. ئەویش دەبێ ناڕەزاینامەکە و روونکردنەوەی خۆی بنێرێت بۆئەنجومەنی سەرکردایەتی. ئەگەر سەرکردایەتی بۆی دەرکەوت کە هەڵبژاردنەکە پێچەوانەی پێرەو بووە دەبێ ئەو هەڵبژاردنە لەو ناوچەیەدا دووبارە بکرێتەوە.

## § 9 سەرۆک (سکرتێری گشتی) [15]

1- سەرۆک بە جیا لە کۆنگرەدا بۆ ماوەی تا کۆنگرەی ئاسایی داهاتو هەڵدەبژیردرێت
2- سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەی ڕاپەراندن دەکا.
3- نوێنەرایەتی و رابەرایەتی یەکێتی دەکا لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان
4- بەرپرسە لە گەیاندن و گەشەپێدانی سیاسەتی یەکێتی و کار بۆ ئەنجامدانی بریار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەکا
5- لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی 2 جێگر بۆ سەرۆک هەڵدەبژیردرێت
6- ئەگەر سەرۆک وازیهێنا ئەوا لە کۆنگرەدا سەرۆکێ نوێ هەڵدەبژێردرێ، بەڵام تا ئەو کاتە یەک لە جیگرەکانی دەبێتە سەرۆکی کاتی.

---

[13] **گۆنگرەی تایبەتی** (کە زۆرجار بە نائاسایی یا کتوپڕ ناو دەبرێ) لە نێوان دوو کۆنگرەی ئاسایدا دەبەسترێ. ئەم کۆنگرەیە بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ڕووداوێکی بایەخدار یا گۆرانکارییەکی ڕیکخراوەیی تایبەتی دەبەسترێ چونکە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی ئاسایی 4 ساڵە، ئەو ماوەیە زۆرە و لەوانەی گۆرانکاری و پێشهاتەی زۆر ڕووبدات و نەتوانرێ چاوەڕی بکرێ تا کاتی کۆنگرەی ئاسایی. کۆنگرەی تایبەتیش جێگای کۆنگرەی ئاسایی ناگرێتەوە و دەسەڵاتی ئەویشی نییە، بەڵکو تەنها لەو کێشە و بابەتانە دەکۆڵێتەوە و بڕیاردەدا کە کۆنگرەکەی بۆ بەستراوە.

[14] ئاسایی پاڵیوراوان بۆ کۆنگرە لێپرسراوە گەورەکانی کەمتر تێدا یە، چونکە کۆنگرە بریتیە لە کۆبوونەوەی نوێنەران کە کۆی دەنگ و بیری ئەندامانی ئاسایی ئەو رێکخراوە پێکدەهێنن. سەرکردایەتی خۆیان لە شوێنی بریارداندان و رابەرایەتی یەکێتی دەکەن و دەشتوانن بەشداری کۆنگرە بکەن، بەڵام بێ مافی دەنگدان، ئیتر چ پێویست دەکا خۆشیان هەڵبژێرن بۆ نوێنەر بۆ کۆنگرە.

[15] لە پێرەوی ناوخۆی پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی ئەوروپا زۆر بەوردی دەسەلاتەکانی سەرۆک دیاری نەکراوە چونکە بریارەکان بەزۆری بە کۆمەڵ دەدرێن و دەبێ زۆرینە دەنگی بۆ بدا لەبەر ئەوە سەرۆک ناتوانێ تاکڕەوی زۆر بکا، وە لەهەمان کاتدا سەرۆک کەسێکی زۆر تایبەتی نییە کە کەس نەتوانی جێگای بگرێتەوە بەڵکو زیاتر لەسەر عورف/پراکسس دەڕۆن و دیموکراتیانە رەفتار دەکەن..



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## § 10 سکرتێر

1- سکرتێر بەجیا لە کۆنگرەدا بۆ ماوەی تا کۆنگرەی ئاسایی داهاتو هەڵدەبژێردرێت.
2- بەرپرسە لە پەیوەندیی و پرسە رێکخراوەییەکانی نێوان سەرکردایەتی و هەموو ریخستنەکانی یەکێتی.
3- لێپرسراوێتی مەکتەبی رێخستن دەگرێتە ئەستۆ بۆ گەشە پێدانی رێخستن و ئۆرگانەکانی یەکێتی.

## § 11 ئەنجومەنی سەرکردایەتی

1. ڕابەرایەتی چالاکییەکانی یەکێتی، بەپێی پێرەوی ناوخۆ و پرۆگرامی یەکێتی و بریارەکانی کۆنگرە، دەکا.
2. بەرزترین ئۆرگانی بریاردەرە لە نێوان دوو کۆنگرەدا.
3. لە (39) ئەندام و (15) جێگر/ئیحتیات پێک دێت، دەبێ پێکهاتەکەی رەنگدانەوەی هەموو مەڵبەندەکان و رێکخستنەکانی یەکێتی پێوە دیار بێ و رەچاوی فرەجۆری کرابێ.
4. ساڵی لایەنی کەم شەش جار کۆ دەبێتەوە، یان لەکاتی پێویستدا بە بانگەوازی سەرۆک کۆدەبێتەوە
5. لە کاتی بریارداندا دەبێ لایەنی کەمی نیوەی ئەندامانی سەرکردایەتی ئامادەبن.
6. هەموو ساڵێک کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی خۆی لە مانگی سێدا[16] دەبەستێ و ڕاپۆرتی کاروچالاکییەکان و راپۆرتی هەموو دارایی یەکێتی ئامادەدەکا و هەڵدەسەنگێنرێ.[17]
7. بریار لەسەر بودجە و پلانی کار و چالاکییەکانی ساڵی داهاتو دەدا.
8. بەرپرسە لەوەی کە چەند و چ جۆرە مەکتەب و دەزگایەکی حیزبی دادەمەزرێنی بۆ ئەوەی بتوانێ بریارەکانی کۆنگرە بەئەنجام بگەیەنێ و ئامانجەکانی یەکێتی بهێنێتەدی.
9. وەکالەت دەدا بە دەستەی ڕاپەراندن بۆ ئەنجامدانی بریار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەو سەرکردایەتی.
10. بەڕاوێژ لەگەڵ ئۆرگان و مەکتەبە پەیوەندیدارەکان پەسەندی پێرەو و رێسای ئەو ئۆرگان و مەکتەبانە دەکا.
11. بە ڕاوێژ لەگەڵ مەڵبەندەکان و ئەنجومەنی ناوەند لیستی کاندیدەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان و عێراق دیاری دەکا...
12. لەکاتی پێویستدا کۆبوونەوەی هاوبەشی رێکدەخات لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق.
13. ئەگەر لە سەدا پێنج،5%ی ئەندامان داوای دەنگدانی گشتی ئەندامان بۆ پرسێکی تایبەتی بکەن ئەوا ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەبێ ئەو ڕاپرسییە ئەنجامبدات.
14. سەرۆکەکانی یەکێتی ژنان، لاوان/خوێندکاران و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و سەندیکای کرێکاران مافیانە وەک چاودێر بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بکەن و مافی پێشنیار و بیرورا دەربرینیان هەیە.[18]
15. ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەتوانی کەسی پسپۆر یا پەیوەندیدار یا بایەخدار وەک چاودێر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ کۆبوونەوەکانی خۆی بانگهێشت بکات.
16.

---

[16] حیزب و ڕیکخراوەکانی سکەندیناڤی ماوەیەک دوای کۆتایی ساڵ، بەزۆری لە مانگی ئازاردا، کۆبوونەوەی ساڵانە دەبەسترێت، کە لە وانەیە بکەوێتە مانگی دوو یا سی یا چوار، ئەو چەند مانگە پێویستە بۆ ئەوەی لە و ماوەیەدا بتوانرێت هەموو راپۆرتی دارایی و چالاکی ساڵی رابووردو و پلان و بەرنامەی داهاتوو ئامادەبکرێت.

[17] لەبەر ئەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت و بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا ئەوا سەرکردایەتی لێپرسراوە بەرامبەر بە هەموو چالاکی و دارایی یەکێتی. دارایی یەکیتی واتە داهات و مەسرەف، سامان و موڵک و قازانجی کۆمپانیاکانی –ئەگەر هەی بێت- . دەبێ شەفافییەتێکی تەواو لەو حساباتانەدا هەبێت و هەموو ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئاگاداری بن، نەک هەر بۆ ئەوەی کە لە روانگەیەکی ڕاستەوە پلانی دروست بۆ چالاکییەکانی داهاتوو دابنێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان بەرپرسیارن لەوەی کە بەچ شێوەیکی زیرەکانە و کاریگەر و دیموکراتی، دوور لە گەندەڵی، دارایی یەکیتی، کە بەرهەمی خەباتی شەهیدانە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی سەرفدەکرێت.

[18] ئەمە لە کاتێکدا دەبێ کە ئەو ڕیکخراوانە لە بەئاشکرا و تەواوی بەشێک/پاشکۆی یەکێتی بن و ناوی خۆیان بگۆرن بۆ ژنانی یەکێتی، لاوانی یەکێتی ...



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## § 12 دەستەی ڕاپەڕاندن/ کارگێڕی/ تەنفیزی/ مەکتەبی سیاسی [19]

1- لە 9-11 ئەندام (بە سەرۆک و سکرتێرەوە) پێکدێت و لە کۆنگرەدا لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن. [20]
2- لە کۆنگرەدا 7 جێگریان بۆ هەڵدەبژێردرێ و بانگەدەکرێن بۆ کۆبوونەوەکانی دەستەی ڕاپەراندن، وە مافی پێشنیار و بیرورا دەربرینیان هەیە. لە کاتی غیابی ئەندامدا جێگر جێگەی دەگرێتەوە و مافی دەنگدانیشی دەبێ.
3- لێپرسراوە لە ئەنجامدانی بریار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
4- بەرپرسە لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانی رۆژانەی یەکێتی.
5- سەرپەرشتی و چاودیری هەموو مەکتەبەکان و ئیدارەی گشتی و دەزگاکانی تری یەکیتی دەکا.
6- چاودێری دروستی و راپەراندنی کارەکانی فراکسیۆنی یەکێتی لە پارێزگا و پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقدا دەکا
7- لەکاتی لە حکومەت بوونی یەکێتیدا، هەوڵی بەدیهێنانی زۆرترین لە ئامانج و بەڵێنەکانی یەکێتی دەدا.
8- بەرپرسە لە ڕاپەراندنی پەیوەندییە نیشتمانی و نێودەوڵەتی و ستراتیجییەکانی یەکێتی.
9- ڕاپۆرتی چالاکی و دارایی ساڵی ڕابووردو و پلان و بەرنامەی کاری داهاتوو ئامادە دەکا.
10- سەرۆکەکانی یەکێتی ژنان، لاوان/خوێندکاران و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و سەندیکای کرێکاران مافیانە وەک چاودێر بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومونی سەرۆکایەتی بکەن و مافی پێشنیار و بیرورا دەرپرینیان هەیە.

## § 13 کۆمیسیۆنی پێرەو و پرۆگرام

1- لە 5-7 ئەندام لەگەڵ 5 جێگردا پێکدێت و لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن تا کۆنگرەی داهاتو.
2- کار لەسەر گەشەپێدانی پرۆگرام و پێرەوی ناوخۆ دەکا، پێشنیاری نویکاری و گۆرانکاری دەکا بۆ کۆنگرە و لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی هانی موناقەشە و دیالۆگی بەردەوام لە پێناوی گەشەپێدانی بەرنامەی یەکێتی لە روانگەی تیۆری و ئایدۆلۆجی و پرسە ستراتیجییەکانەوە دەدا.
3- بیرورا دەردەبرێ لەسەر ئەو پێشنیارنامانەی کە لەلایەن ئەندامانەوە دەربارەی پێرەوی ناوخۆ و پرۆگرام یەکێتی بۆ کۆنگرە بەرزدەکرێنەوە.
4- پێشنیارو بیرورا و راپۆرتی کارەکانی بەردەوام بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەدا.
5- دەتوانێ لە کاتی بوونی پێشنیار لە سەر پێرەو و پرۆگرام بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا بکا.

## § 14 لیژنەی چاودیری دارایی [21]

1- لە (5-7) ئەندام و 5 جێگر پێکدێ و لە کۆنگرەی ئاساییدا هەڵدەبژێردرێن
2- بەردەوام چاودێری چالاکی دارایی و کاروبارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ڕاپەراندن لە روانگەی بریارەکانی کۆنگرەوە دەکا، هەروەها چاودێری هەموو دارایی یەکێتی دەکا.

---

[19] دەربارەی هەندێک لە ئۆرگانەکان وەک م س کە لە پێرەوی کۆنگرەی دوودا هاتووە، لە چەند خالێکدا ئەرکەکان و دەسەڵاتەکانی بە جیا باسکراون، بەلام بۆ ئۆرگانی تر وەک کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەرک و دەسەلاتەکانیان بەسەر یەکەوە نوسیوە دیارە کە بەشێوەی سیستێم شتەکان شیکار نەکراون... بەداخەوە خاڵەکان زۆر بە تێکەڵ و چەواشەیی پێناسەکراون کە زۆر جار ئەرک و دەسەڵاتەکەش هەر یەک شت بوون...بێچگە لەوەش هەندێک ماف یا دەسەڵاتیان بۆ دیاریکراوە کە لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە.وەک خاڵەکانی ب، ج دەربارەی لێپرسینەوەی لە ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی....م س بۆی نییە لێپرسینەوە لە ئەندامانی سەرکردایەتی بکات چونکە ئەو ئەندامە کۆنگرە هەڵیبژاردوو نەک مەکتەبی سیاسی...ئەو کەسە خۆی، ئەگەر ڕەخنەی توند و زۆری لەسەر بوو، دەتوانێ تا کۆنگرهی داهاتو دەست لە کار بکێشێتەوە...

[20] نەگونجاوە و نامەنتیقییە ئۆرگانێکی حیزبی وەک ئەنجومەنی ناوەند، ئەگەر ژمارەی نوێنەرانی لە ژمارەی پەرلەمانی کوردستان زیاتر بێ، لە کاتێکدا پەرلەمان سەد قاتی ئەوان ئیشیان زیاترە و نوێنەرایەتی هەموو کوردستانیش دەکەن.

[21] لیژنەی چاودیری لە پێرەوی، پەسند کراوی کۆنگرەی دوودا، ناوی هاتووە بەڵام باسی چۆنێتی و ئەرکەکانی نەکراوە، لە پەرەگرافی ئەرک و دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی لە خاڵی (د) دا هاتووە کە "سەرپەرشتی دەزگای چاودێری دارایی" دەکا. ئەوە لە فەرهەنگی ڕیکخراوی دیموکراتیدا نەک هەر هەڵەیە بەڵکو کفرە. چۆن دەبێ لێپرسراوێک یا دەزگایەک خۆی پارە سەرف بکات و هەرخۆشی چاودێری خۆی بکا! لە هەموو سەیرتر ئەوەیە "**دەزگای چاودێری دارایی**" کە لەو خاڵەدا ناوبراوە، لە هیچ جێگایەکی تر لە پێرەوی ناوخۆدا ناوی نەهاتووە و نەنوسراوە کە چییە و چۆن و چ دەسەڵاتێک دایدەمەزرێنێ. لەڕاستیدا لیژنە یا دەزگای چاودێری دارایی تەنها لەلایەن گۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن و لیژنەیەکی سەربەخۆیە، تەنانەت بریاری دەرماڵە/موچەشیان لە لایەن کۆنگرەوە دەردرێ بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەری هیچ کەس و ئۆرگانێکەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3- بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ڕاپەراندن دەربارەی دارایی و چالاکییەکانی ساڵی ڕابووردو ڕاپۆرت بەرزدەکاتەوە.
4- ڕاپۆرتی چاودێری دارایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ڕاپەراندن لە ماوەی دووای کۆنگرەی ڕابووردو بۆ کۆنگرە بەرزدەکاتەوە. هەروەها پێشنیاری ئەستۆپاکی دەکا.[22]
5- کۆنگرە بریاری ئەندازەی مووچە/دەرماڵەی ئەندامانی لیژنەی چاودێری دەدات.

## § 15 ئەنجومەنی ناوەند [23] (ئەنجومەنی نوێنەران، باوەرپیکراوان ، ڕاوێژمەندان)

1- لە 111 ئەندام (بە ئەندازەی پەرلەمانی کوردستان)، 60 جێگر پێکدێت.
2- لایەنی کەمی ساڵی یەک جار یا لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆدەبێتەوە.
3- ئەنجومەنی نوێنەران ئۆرگانیکی راوێژکارییە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
4- ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ هەموو کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ناوەند بریاری ئەجندا و بەرنامە کاری دەدا.
5- ئەنجومەنی ناوەند بەشیوەیەکی دەوری دەستەیەکی کارگێر بۆ راپەڕاندنی کارەکانی و پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان هەڵدەبژێرن.
6- ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەی ڕاپەڕاندن و جێگرەکانیان بانگەواز دەکرێن بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و مافی پێشنیار و بیرورا دەربرینیان هەیە.
7- هەڵبژاردنی ئەندامان و جێگرانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ماوەی ساڵێک لەلایەن مەڵبەندەکانەوە لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا بەپێی ژمارەی ئەندامانی سنوری مەڵبەندەکە، لەسەر شێوەی کۆنگرە، هەڵدەبژێردرێ.
8- ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیدا بەپێی ڕێژەیەک (بۆ نمونە یەک نوماینده بۆ 10 پەرلەمانتار) بۆیان هەیە **نوماینده‌یان** لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندا بەشداری بکەن. ئەو نوماینداندە دەبێ لە کۆبوونەوەکاندا بەشداربن و مافی پێشنیار و بیرورا دەربرینیان هەیە.
9- ئەندامانی لیژنەی چاودێر و کۆمیسیۆنی پێرەوپرۆگرام کە لە کۆنگرەدا هەڵبژێردراون و لێپرسراوی مەڵبەندەکان مافیان هەیە بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ناوەند بکەن و هەروەها مافی پێشنیار و بیرورا دەرپرینیان هەیە
10-هەر یەک لە یەکێتی ژنان، لاوان/خوێندکاران و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و سەندیکای کرێکاران مافیانە نوماینده‌ی خۆیان بنێرن بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ناوەند و مافی پێشنیار و بیرورا دەرپرینیان هەیە.
11-ئەنجومەنی ناوەند لیژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردنەکان هەڵدەبژێرێ تا کۆنگرەی داهاتو.

## § 16 لیژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردن

1- لە 11-15 ئەندام، کە یەکێکیان دەبێتە سەرۆک، و 7 جێگر پێکدێت.
2- لە کاتی ئامادەنەبوونی ئەندام، جێگر شوێنی دەگرێتەوە و هەموو مافێکی دەبێ.
3- ئامادەکاری و پێشنیاری پاڵیوراوان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ڕاپەراندن و لیژنەی چاودێری و کۆمیسیۆنی پێرەوپرۆگرام و هەموو جێگرەکانیان دەکا بۆ کۆنگرە.[24]

---

[22] لیژنەی چاودێریی نەک هەر چاودێری چالاکی دارایی دەکا بەڵکو چاودێری هەموو بریار و چالاکییەکانی تریش دەکا کە ئایا بەپێی بریارەکانی کۆنگرە و سیاسەتی یەکێتی ئەنجامدراون و ئایا ئەو بریارانەی کە سەرکردایەتی داویەتی کاری پێکراوە و ئەنجامدراون.لەو روانگەیەشەوە پێشنیار ئەستۆپاکی یا نەکردنی ئەستۆپاکی دەکا بەڵام بریارەکە بۆ کۆنگرە دەمێنێتەوە.
[23] ئەنجومەنی ناوەند ئۆرگانێکی نە بریاردەر و نە ڕاپەرێنەر/تەنفیزی.، تەنها کاری ڕاوێژکارییە بۆ هاوکاری و رێنوینی و بەتایبەتی لەسەر پرسێک کە پەیوەندی بە مەسەلە نیشتمانییەکان یان بە سەرجەم مەلبەندەکانەوە هەبێ. لەبەر ئەوەی ئەوان لە مەڵبەندەکانەوە هەڵدەبژێررین و نوێنەرایەتی هەموو مەڵبەندەکان دەکەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی پرس و راوێژایان پێدەکات لەسەر بابەتێک کە پەیوەندی بە هەموو رێخستنی یەکێتی یەوە هەبێ. ئەگینا بەرزترین دەسەڵات لە نێوان دوو کۆنگرەدا لە ناو یەکێتی و حیزبە دیموکراتەکاندا تەنها ئەنجومەنی سەرکردایەتییە و بەس. من خۆم نزیکی 10 ساڵە جێگرم لە ئەنجومەنی باوەرپیکراو/ناوەندی سۆشیالدیموکراتی سوید و هەروەها ئەندامم لە ئەنجومەنی نوێنەرانی سۆشیالدیموکرات لە پارێزگاکانی رۆژئاوای سوید (سۆشیالدیموکارتەکان بۆ قولکردنەوەی دیموکراتی لە زۆر ئاستدا لەو جۆرە شورا و ئەنجومەنانە دادەنێن). کاری ئەو دوو ئۆرگانە تەنها بەستنی هەندێک کۆر و دیالۆگکردن، هەمئاهەنگی بیرورا و ڕاوێژکاری بووە لەسەر پرس و کێشە نیشتمانی و هەرێمییە هاوبەشییەکان.
بەڵام ئەوەی لە پێرەوە پێشنیارکراوەکەدا و هەندێ لە هەڤاڵانی ئەنجومەنی ناوەند باسی لێوەدەکەن ئەگەر وابێ ئەوا ناوەندەکە لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەدەسەڵاتترن، ئەگەر وابێ ئیتر مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیمان بۆ چییە! بەهەرحاڵ ئەو پێناس و باسکردنانەی ئەوان بۆ ئەنجومەنی ناوەند لە نەشارەزایی زیاتر هیچی تر دەرناپرن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

4- بڕیار لەسەر ماوەی دیاریکراوی پاڵاوتنەکان دەدات و ئاگاداری ئۆرگانەکانی تر دەکاتەوە.
5- ئەنجومەنی ناوەند لیژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردنەکان هەڵدەبژێرێ تا کۆنگرەی داهاتو.
6- ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردنەکان ناتوانن لە هەمان کاتدا ببنە ئەندام لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و لیژنەی چاودێری و کۆمیسیۆنی پێرەوپرۆگرام....

## بەندی پێنجەم

### § 1 لیستی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکان

1- ئەرکی یەکێتی لە سەردەمی هەڵبژاردنەکاندا بریتییە لە گرتنە دەستی دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی بەڵێن و ئامانجەکان ئەوەش بەرێگای بەدەسهێنانی زۆرترین دەنگی دەنگدەران. لەبەر ئەوە فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنەکانی پارێزگا و هەرێم و عێراقدا نوێنەری دڵسۆزی هاوڵاتیان و خەباتگێری بەرەکانی پێشەوە دەبن بۆ بەدیهێنانی بەڵێن و ئامانجەکان لە هەموو ئاستە سیاسییە جیاوازەکاندا.
2- هەموو ئەندامان لە رێگای پۆلەکانی خۆیانەوە دەتوانن پێشنیاری پاڵێوراوان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی کوردستان و ئەنجومەی عێراق بەرزبکەنەوە بۆ مەڵبەندەکانیان و لە پاشان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی.
3- پالێوراو بۆ ئەنجومەنەکان دەبێ ئەندامی یەکێتی بێ
4- ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەڕاوێژ لەگەڵ مەڵبەندەکان و ئەنجومەنی ناوەند لیستی کاندیدەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستان و عێراق دیاری دەکا.
5-

# پرینسیپە گشتییەکانی ناو حیزب

1- ئاسایی دەنگدان بە ئاشکرا بەڕێوە دەچێ، بەڵام ئەگەر کەسێک داوای بە نهێنی بکرێ ئەوا بە نهێنی و بەکارتی داخراو بەڕێوە دەچێ.
2- لە کاتی هەڵبژاردندا ئەگەر لە پێشنیارێک زیاتر لە ئارادا بوو، ئەو پێشنیارەی زۆرینەی دەنگی بەدەسهێناوە ئەوا بە براوە حسابدەکرێت.
3- بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردن بە زۆرینەی رێژەیی یەکلا دەکرێتەوە، بێجگە لەو خاڵانەی کە داوای زۆرینەی سادە یا زۆرینەیی رەها دەکا.
4- لە کاتی دەنگدانی نهێنی پاڵێوراواندا، دەبێ کارتی دەنگدان بەئەندازەی ئەو ژمارەیەی کە پێویستە هەڵبژێردرێن ناوی کاندیدی لەسەر بێت. لەکاتی بوونی ناوی زیاتر یا کەمتر لەسەر کارتی دەنگدان لە ژمارەی دیاریکراو ئەوا ئەو کارتە بە فەوتاو حسابدەکریت.
5- لە هەڵبژاردنێکدا ئەگەر دوو پێشنیار هەبوو بەڵام وەک یەک دەنگیان بەدەسهێنا لەو کاتەدا ئەو پێشنیارەی کە سەرۆک دەنگی پێداوە بەبراوە دەژمێردرێ.
6- لە هەڵبژاردنێکی ئاشکرادا لە نێوان دوو پالێوراودا ئەگەر وەک یەک دەنگیان بەدەستهێنا ئەوا ئەو هەڵبژاردنە بە شێر و خەت (پارە هەڵدان) یەکلا دەکرێتەوە. بەڵام ئەگەر دەنگدانەکە بەنهێنی کرابوو ئەوا دەتوانرێ ئەو هەڵبژاردنە بە نهێنی دووبارە بکرێتەوە.
7- پاڵاوتن یا هەڵبژاردنی ئەندامێک بۆ ئەرکێک یان پۆستێکی نێو یەکێتی، تەنانەت بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتیش، مەرج نییە ئەو کەسە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێ یان لە کۆنگرەدا نوێنەر بێ.
8- دەبێ لە هەموو هەڵبژاردن و پۆست دابەشکردنێکدا هاوتای ژن و پیاو لەبەرچاو بگیرێت و لە ئێستادا ڕەچاوی ژنان بکرێت و نابی رێژەی ژنان لە 30% کەمتر بێ.
9- ئەگەر سەرۆکی یەکێتی پیاو بوو دەبێ یەکێک لە جێگرەکانی ژن بێت.
10-دەبێ لە هەموو ئەنجومەن و هەڵبژاردنەکانی یەکێتدا رەچاوی پێکهاتەیەکی فرەجۆر –بۆ نموونە بوونی ژنان، گەنج، پیر، کەمئەندام، شەهادەدار و بێ شەهادە، خەڵکی شار و لادێ، و سۆرانی و کرمانجی...هتد- بکرێت
11-بۆ پۆستی حیزبی لە ناو یەکێتیدا تەنها ئەندام هەڵدەبژێردرێت. ئەو ئەندامەی کە پۆستێکی حیزبی هەیە ئەگەر وازی لە ئەندامێتی یەکێتی هێنا واتا واز لە پۆستە حیزبییەکانیش دەهێنێ.
12-

---

[24] زۆر گرنگە پێش وەخت لێکۆلینەوە لەسەر لێهاتویی و راستگۆیی هەموو پالێوراوان بکرێن. بۆ ئەوەی هەموو پاڵێوراوێک بەماوەی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندا بروات و یەکێتی توشی شتی بیرلێنەکراوە و کتوپر نەبێ، پێویستە هەموو پاڵێوراوێک بزانێ ئەرکەکانی چییە و لەهەمان کاتدا بەڵێنامە پڕبکاتەوە...



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com